راگەیاندنی ژمارە 16ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

## نارەزایی بەرین لە شارەکانی کوردستان درێژەی هەیە.

ئەمڕۆ یەکشەممە 16ی گەلاوێژ رێکەوتی 7ی ئاگۆست، نارەزاییەکانی ماوەی سێ حەوتووی رابردوو بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مهاباد درێژەی کێشا و بەشێك لە شارەکانی کوردستان بە تەواوی داخراز

**مهاباد:**

شەوی رابردوو چەند خۆپیشاندان و کۆبوونەوە لە لایەن لاوانی ئەو شارەوە وەڕێ خرا و لە یەکێك لەو خۆپیشاندانانەدا هێزە سەرکوتگەرەکان تەقەیان لە خەڵك کرد. دەستەیەك لە لاوان یەکێك لە بەکرێگیراوانیان ئاگادار کردەوە کە دەست لە ئازاردانی خەڵك هەڵگرێت.

هەروەها خەڵك بۆ نارەزایی بە تەقەی بەردەوامی هێزەکان و بە پادگان کردنی قوتابخانەکان و پێشگیری لە ناونووس کردنی قوتابیان بۆ ساڵی تازەی خوێندن، دەستیان دایە داخستنی دووکان و بازاڕ و شاریان بەگشتی داخست.

**کامیاران:**

خەباتکارانی شاری کامیاران کە لە چەند رۆژ پێشترەوە سەرقاڵی رێکخستنی نارەزایەتیەکی بەرین بوون بۆ هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی شارەکانی دیکە، ئەمڕۆ یەکشەممە بەشێك لە دووکان و بازاڕی شاریان داخست.

**پاوە:**

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا شاری پاوە لە حاڵەتی نائاساییدا بووە و ئەمڕۆ چەند کۆبوونەوە لە شاردا بەڕێوەچوو.

لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش لەوانە بۆکان، شنۆ، بانە، سەردەشت دووکان و بازار داخرا و شاری سنەش حاڵەتی نائاسایی درێژەی هەیە.

خواستەکانی خەڵك لەوانە ناساندن و سزادانی بکوژەکانی ئەو لاوە خەباتکارانەی کە جگە لە بەشداری لە نارەزاییە هێمنانەکاندا هیچ تاوانێکیان نەبووە، کۆتایی هێنان بە حکوومەتی نیزامی رانەگەیەنراو و ئازادکردنی گیراوەکان، هەتا ئێستا لە لایەن حکوومەتەوە ولام نەدراوەتەوە و سەرکوتی خەڵك درێژەی هەیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ئاستی راگەیەنەرەکان و کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بە فراوانی پشتیوانی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان

کراوە. لە لایەکی دیکەوە و سەرەڕای سەرکوتی بێوچان پاش سێ حەوتوو، بزووتنەوەی گشتی خەڵکی کورد بە هێزێکی زیاترەوە هاتۆتەوە مەیدان و بە سوود وەرگرتن لە شێوازی جیاجیای خەبات، پانتاییەکی زیاتری داگیر کردووە کە لە مێژووی خەباتی خەڵکی کورد لە ساڵانی رابردوودا بێوێنە بووە. خەباتکاران و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە ریزی پێشەوەی خەباتی جەماوەری، ئەمڕۆش بە بەربڵاوی درێژەیان بە کار و هەڵسووڕانیان دا.

**چڕتر بێت بزووتنەوەی هاوپشتیی خەڵکی کوردستان لە دژی رژیمی ئیسلامی**

**سەرکەوێت بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد**

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

16–05–1384

07–08–2005

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138499**
Mobile: **009647701515134**